# پارێزبەندیی نیشتیمان لە دەقێکی شیعریی قوبادی جەلیزادەدا

**پێشەکی:**

قوبادی جەلیزادە وەکو دەنگێکی شیعریی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەدیارکەوتووە، لە وێنەی کانیاوێکی زوڵاڵ تاوەکو ئەمڕۆ لە بەخشین و هەڵقوڵیندایە. ئەم دەقە نموونەیەکی دەگمەنە لە ئەزموونی شیعری سەرەتاکانی شاعیر، کە دواتر لەسەری نەرۆیشتووە و درێژەی پێنەداوە.

ئەم دەقە زادەی هەلومەرجێکی تایبەتە ، لەلایەک لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی شیعریی ڕوانگە و شاعیرە پێشەنگەکانی لە وێنەی (شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم)دا نووسراوە و لەلایەکی دیکەشەوە تەوژم و کەفوکوڵی بیری نەتەوەیی و نیشتیمانی و شۆڕشگێڕیی تەواوی هزر و هۆشی شاعیری داگیرکردووە،

دەقەکە لە ڕۆژگارێکدا هۆنراوەتەوە (ناوەراستی حەفتاکان)، کەوا بیری نیشتیمان پارێزی سەردێری هەر دیارە و گوتارە زاڵی شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمەبووە، لە بارودۆخی شۆڕش و بەرخۆدانی گەلی کورد لە پێناوی دوارۆژ و چارەنووسیدا.

**دەقی شیعرەکە:**

## گۆوەندی چوار بووکی خوێناوی*

لەسەر کێوە سەرکەشەکان

هەنگاو هەنگاوی ڕاودەنا

سەنگەر بەپیر پێشمەرگەوە

پێشمەرگە بەپیر مەرگەوە

بەرگی کوردیان

بەرگی سووریان

بۆ چوار بووکی کورد ئەدووری

بەرگێک

گوللە تەقەڵی لێدەدا

خوێن ڕەنگی سووری پێدەدا

دڵی زاوا

ڕێبوارێکی بریندار بوو

تینووی شڵپەی ماچی تاڤگەی ژیلەمۆ بوو

سینگی زاوا فێرگەیێ بوو

گوللە دەرسی بۆ پەلاسووی گڕ دادەدا

x x x

١-بووکی یەکەم:

بۆ کەرکووکی بابەگوڕگوڕ

بۆ بابەگوڕگوڕی زێڕین

مەمی تفەنگ

لەسەر سینگی قەوانی مێژووی نەبەزین

بەستەی گڕی تۆماردەکرد بۆ خاتووزین!

((یارەکەم دەڵێی بووکە

جوانی شاری کەرکووکە

لانكێکی بۆ دەنێرم
دارەکەی بەللالووکە))
x x x
٢- بووکی دووەم:
لەبەر گوێچکەی ترسی دوژمن
هەلهەلەی خوێن
وەک ناپاڵم
وەک T. N . T ئەتەقێتن
هەمیشە مژدەی سەرکەوتن
ئەچڕی بۆ بووکی خانەقین!
((باو باو، باو باو، باو باو، خانمە خاسەکەم
پا بنێ وەبان دیدە ڕاسەکەم))
x x x
بووکی سێیەم:
لە قەڵادزێی شەهیدا
لە باوەشی شەهیدێکی جوانەمەرگا
کاسە سەرێک
شیرینی شنگاری بووکی دەبەشییەوە
چۆن شیرینێ!.
نە حەلوا بوو!

نه نوقڵ بوو!

دەست و چاو و قاچ و قوڵ بوو

دەنگی شەهید لاوکێک بوو

هەتا دڵ حەزکا بە کوڵ بوو!

x x x

٤- بووکی چوارەم:

لە ئامێزی کەژاوەی فرمێسک و خوێنا

مەندەلی بووک

کەزیی خەمی دەهۆنییەوە

ئازار گۆارنی بۆ دەگوت:

((من مەمێکم

ماچی زینم لێ ون بووە

فەرهادێکم

قولنگی یادی شیرینم لێ ون بووە))

لەودیو سنوور

دەنگی زاوا

شڵپە و هاژەی ڕووباری سوور

بانگی لێکرد:

((لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆی مەندەلی

بێنە ماچت کەم، بۆ لێم دوودڵی))

**۱۹۷٤/۸/۲۷

**سیمۆلۆژیای ناونیشانەکە:**
بە شێوەیەکی گشتی دەگوترێت ناونیشان دەروازەی چوونە ژوورەوەی ناو دنیای دەقە و کلیلی کردنەوەی ڕەهەند و نهێنییەکانی سەرتاپای تێکستەکەیە. تا ئەوەی لە ڕێگەی وشە و ئاماژە و نیشانەکانییەوە بەرەو شیکردنەوەی ناواخنی تێکستەکە هەنگاو هەڵبگیرێت و لە دوا شیکردنەوەشدا ناونیشان دەبێت بە ناسنامە بۆ دەق (سعدالله، ۲۰۰۷، ۱۵).
ناونیشانی دەقی بەردەست: (گۆوەندی چوار بووکی خوێناوی) لە شێوەی دەستەواژەیەک داڕێژراوە کەوا ئاماژە و ناوەڕۆکێکی سیمبولیکی هەیە:

گۆوەند + چواربووکی + خوێناوی

لە سەرەتادا جۆرێک لە پارادۆکس و دژبەری لە گرێ ناوییەکەی (بووکی خوێناوی)دا بەدیدەکرێت کە لە (بووک/دیارخراو + خوێناوی/ دیارخەر)دا پێکهاتووە. بەڵام کە لە تەواوی تێکستەکە وردەبینەوە دەتوانین پەی بە تەواوی ڕەهەندە شاراوەکانی ناونیشانەکە ببەین، بەم شێوەیە:
**گۆوەند:** ئاماژەیە بۆ خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە.
**چواربووک:** هێمایە بۆ چوار شارە پیرۆز و دێرینەکانی کوردستان (کەرکووک، شنگال، خانەقین، مەندەلی).
**خوێناوی:** ئاوەڵناوی شەهیدبوون و قوربانیدانە لە پێناویاندا.

**تەوەری یەکەم: ئاستی مۆسیقایی دەق**

- **کێشی شیعریی:** کێش ڕەگەزێکی سەرەکی بنیاتی شیعرییە، خوڵقێنەری نەزم و ئاهەنگی خۆش و دڵگیرە لە شیعردا. بەو هۆیەوە ئاوازی شیعریی دەبێتە دیاردەیەکی دڵکێش کە گیان وەبەر وشە و دەستەواژەکاندا دەکات و ئەوەندەی تر مانا و مەبەستەکانیش بەرجەستە دەکات (عەلی، ۱۹۹۸، ۸۷).

ئەم تێکستە وەکو دەقێکی شیعری ئازاد، بە تەواوی خۆی بە دەستوورەکانی شیعری ستوونی نابەستێتەوە، کە دیارترینیان (کێش و سەروا)ن. لەگەڵ ئەوەشدا هەمان پێی شیعری ستوونی بەکاردێنێت بەڵام خۆی بە ژمارەی پێیەکان لە دێرە شیعرەکاندا پابەند ناکات (گەردی، ۲۰۱٤، ۲۵۹). ئەم بۆچوونە بەو واتایە دێت کەوا؛ دێر و نیوە دێر نامێنێت، بەڵکو بنیاتی تێکستەکە لەسەر بنچینەی (ڕستەی شیعریی) بنیات دەنرێت. ئەنجا دەشێ ڕستەی شیعریی تەنیا لە یەک پێ پێکهاتبێت و دەشێ لە چەند پێیەکیش پێکبێت. دەشێ هەموو پێیەکانیش یەک جۆر بن (سێ برگەیی، چوار برگەیی، ...) یان تێکەڵاو بن و لە سێ و چوار و پێنج برگە ... پێکهاتبن.
ئەم تێکستەی بەردەستمان لە ڕووی کێشەوە پێڕەوی لە کێشی شیعری ئازادی کوردیی ژمارەیی (برگەیی – خۆماڵی) کردووە و یەکەی کێشی سەرەکیش لە تێکستەکەدا بریتییە لە پێی چوار برگەیی.

لەم جۆرە کێشەدا شاعیر پێیە سەرەکییەکە دەکات بە بنەمای کێش و لە هەر دێر یاخود ڕستەیەکی شیعریدا، یەک پێ، یاخود چەند جارەی ئەو پێیە (دوو پێ ٤ +٤ ، سێ پێ ٤ + ٤ + ٤ ، چوار پێ ٤ + ٤ + ٤ + ٤ ، ...) بەکاردێنێت.

لە شیعری هاوچەرخی کێشداری کوردیدا، ئەم پێیەی چوار بڕگەیی ، زۆرترین بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی هەیە. بۆیە لە شیعری ئازاددا بە کێشی نەتەوەیی دەدرێتە قەڵەم (گەردی، ٢٠١٤، ٢٦٣). تێکستی (گۆوەندی چوار بووکی خوێناوی) لەسەر کێشی پێی چوار بڕگەیی دامەزراوە، لەهەر دێرێکیدا یەک تا سێ، پێی چوار بڕگەیی بەدیدەکرێت، وەک لەم نموونەیەی دەستپێکی شیعرەکەدا دەبینرێت:

| | |
|---|---|
| لەسەر کێوە / سەرکەشەکان | ٤ + ٤ = ٨ |
| هەنگاو هەنگا / وی ڕاو دەنا | ٤ + ٤ = ٨ |
| سەنگەر بە پیر / پێشمەرگەوە | ٤ + ٤ = ٨ |
| پێشمەرگە بە / پیر مەرگەوە | ٤ + ٤ = ٨ |
| بەرگی کوردیان | ٤ = ٤ |
| بەرگی سووریان | ٤ = ٤ |
| بۆ چوار بووکی / کورد ئەدووری | ٤ + ٤ = ٨ |
| ئەرخەوانی / خۆیان دەکر / دە قوربانی | ٤ + ٤ + ٤ = ١٢ |

ئەم پێڕەوە تا کۆتایی درێژەی دەبێت و، تەنیا لە دوو حاڵەت، وەکو ڕیزپەڕ، شیعرەکە لەم پێڕەوە لادەدات:

- لە یەک شوێنی بەندی دەستپێکی شیعرەکە، شاعیر پەنای بۆ لەتە پێیەکی بڕگەیی بردووە:

| | |
|---|---|
| بەرگی کوردیان | ٤ = ٤ |
| بەرگی سووریان | ٤ = ٤ |
| بۆ چوار بووکی / کورد ئەدووری | ٤ + ٤ = ٨ |
| ئەرخەوانی / خۆیان دەکر / دە قوربانی | ٤ + ٤ + ٤ = ١٢ |
| بەرگێک | ٢ = ٢ |
| گولله تەقە / ڵی لێ دەدا | ٤ + ٤ = ٨ |
| خوێن ڕەنگی سوو / ری پێ دەدا | ٤ + ٤ = ٨ |

- ئەو کۆپڵە شیعرییە گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی لە کۆتایی هەر یەک لە بەندەکانی (یەک و دوو و چوار)ی تێکستەکەدا هاتوون و تێهەڵکێش کراون، لە باری کێشەوە ، لەگەڵ سیستمی

بنەڕەتی شیعرەکە نارۆن بەڵکو سەر بە سیستمی کێشی شیعری فۆلکلۆری کوردین و بەم جۆرە هاتوون:

- سیستمی کێشی شیعرە چوارینە فۆلکلۆرییەکەی کۆتایی بەندی یەک، حەوت بڕگەییە (٤ + ٣).
- دوو نیوە فۆلکلۆرییەکەی کۆتایی بەندی دوو لەسەر کێشی دە بڕگەییە (٥ + ٥).
- دوو نیوە دێڕە فۆلکلۆرییەکەی کۆتایی بەندی چواریش دە بڕگەییە (٥ + ٥).

- **سەروا:** لە تێکستەکەدا ڕەچاوی سەروا کراوە، بەڵام بەگوێرەی پێویست و خواستی شاعیر ناوە ناوە دووبارەکراوەتەوە. لە پێڕەوکردنی سەروادا دوو تێبینی  بەرچاون:
- وەکو نەریت لە هەموو دێرەکاندا پێڕەوی لە (یەکێتی سەروا – دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگە سەروا) نەکراوە، بەڵکو سەروا بەپێی ویست و بەسەر باڵای تێکستەکەدا ناوە ناوە بڵاوبووەتەوە.

| | |
|---|---|
| لەسەر کێوە سەرکەشەکان<br>هەنگاو هەنگاوی ڕاو دەنا | بێ سەروا |
| سەنگەر بە پیر پێشمەرگەوە<br>پێشمەرگە بە پیر مەرگەوە | سەروای ئاوازداری بەهێز |
| بەرگی کوردیان<br>بەرگی سووریان | سەروای ئاوازداری مامناوەند |
| بۆ چوار بووکی کورد ئەدووری<br>ئەرخەوانی خۆیان دەکردە قوربانی | سەروای ئاوازداری کز |

لەمەڕ ڕیتم و ئاوازی ناوەوەش ئاماژە بۆ چەند دیاردەیەکی جوانکاری دەدەین:

- **دووبارەبوونەوە/**
- هەنگاو هەنگاوی ڕاودەنا — دەبارەبوونەوەی ئاسۆیی

- سەنگەر بە پیر پێشمەرگەوە<br>پێشمەرگە بە پیر مەرگەوە — دووبارەبوونەوەی ستوونی

- بەرگی کوردیان<br>بەرگی سووریان

- بۆ کەرکووکی بابەگوڕگوڕ
بۆ بابەگوڕگوڕی زێڕین

- **هاوسەنگی/**

لە زۆر شوێنی تێکستەکەدا هاوسەنگی وشەیی (تەواو یان ناتەوا)، لە ڕووی پێکهاتەی بڕگەییەوە بەدیدەکرێت، کە جۆرێک (ڕیتم و ئاهەنگی خۆشی) لە تێکستەکەدا بەرپاکردووە:

سەن گەر بە پیر + پێش مەر گە وە
– – ب – ≠ – – ب ب
پێش مەر گە بە + پیر مەر گە وە
– – ب ب ≠ – – ب ب

لە دێری یەکەمدا هاوسەنگی وشەیی (پێکهاتەی کورتی و درێژی بڕگەکان) لەنێوان هەردوو پێدا کورتی هێناوە. بەڵام لە دێری دووەمدا بە ڕێکی و یەکسانی هاتووە. لەنێوان پێیەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمی هەردوو دێردا هاوسەنگی تەواو هەیە کە لەگەڵ پێی یەکەمدا جیاوازن.

کەواتە ئەم دوو دێرە لەسەر بنەمای لێکچوون و جیاوازی بنیاتنراوە. ئەمەش هەمان بۆچوونی یاکۆبسن دەسەلمێنێت کە پێیوایە هاوسەنگی لە ئاکامی دووبارەکارییەوە دێتەدی بە مەرجێک ئەم دووبارەکارییە بەشێکی لەیەکچوو و بەشێکی جیاوازی هەبێت تا لە دووبارەکاری میکانیکی بەدووربێت (صفوی، ٢٠١٨، ب١، ١٩٩)

- بەر گی کورد یان
– ب – –

بەر گی سوور یان
– ب – –

- نە حەل وا بوو
ب – – –
نە نوو قڵ بوو
ب – – –

ئەمیان نموونەیە بۆ هاوسەنگی و دووبارەکاری تەواو و میکانیکی کە شیعرییەتێکی کەم بەدیدەهێنێت.

- ئاستی ڕستە/ هاوتەریبی Parallelism جۆرێکە لە هاوڕێکی لە پێکهاتەی ڕستەی شیعریدا، واتە جۆرێک لە ڕۆنانی سینتاکسی هاوشێوە لە پانتایی تێکستدا کە جۆرێک لە کارلێک لەنێوان زمان و واتا و ئەندێشە و ئاواز بەرپادەکات و ئاستی جوانکاری و شیعرییەت بەرەو بالآیی دەبات (المصري، ٢٠٠٢، ٤٧).

- سەنگەر | بە پیر | پێشمەرگە | وە
پێشمەرگە | بە پیر | مەرگ | ەوە
ناو + ئاوەڵکار + ناو + پاشگر

- بەرگ + ی + کورد + یان
بەرگ + ی + سوور + یان
ناو + ئامراز + (ناو – ئاوەڵناو) + جێناو

- نە + حەلوا + بوو
نە + نووقڵ + بوو
ئامراز + ناو + کار
.... تاد.

بە شێوەیەکی گشتی بینای ڕستەکان لە تێکستەکەدا لە شێوەی ڕستەی درێژی پەیوەست هاتوون، کەوا دابەشبوون بەسەر دوو کەرت یان زیاتر بە مەبەستی ئاواکردنەوەی جەستەی دەق. لە بەندی دەستپێکی تێکستەکە بینای بنچینەیی ڕستەکان بەم جۆرەیە:

- لەسەر کێوە سەرکەشەکان ، هەنگاو هەنگاوی ڕاو دەنا.

- سەنگەر بەپیر پێشمەرگەوە ، پێشمەرگە بەپیر مەرگەوە.

- بەرگی کوردیان، بەرگی سووریان، بۆ چوار بووکی کورد ئەدووری.

- بەرگێک، گوللە تەقەڵی لێدەدا، خوێن ڕەنگی سووری پێدەدا.

- دڵی زاوا، ڕێبوارێکی بریندار بوو، تینووی شڵپەی ماچی تاڤگەی ژیلەمۆ بوو.

- سینگی زاوا فێرگەیێ بوو، گولله دەرسی بۆ پەلاسووی گڕ دادەدا.

لە ڕستەی پەیوەستدا، ڕستەکان بەسەر یەکەوە گرێ دەدرێنەوە. ئەگەر وا نەبێت واتای تەواو نادەن بەدەستەوە، بە لابردن یاخود سڕینەوەی هەر کەرت و پارچەیەک لە ڕستەکان، ناڕێکی واتایی سازدەبێت (شمیسا، ١٣٨٤، ٢٢٠).

لە ڕوویەکی دیکەوە بەشی زۆری ڕستەی شیعری لە دەقەکەدا ڕستەی خەبەرین، واتە لە شێوەی ڕستەی گەیاندنی پەیام و هەواڵنامەدا داڕێژراون.

- مەمی تفەنگ، لەسەر سینگی قەوانی مێژووی نەبەزین، بەستەی گڕی تۆماردەکرد بۆ خاتووزین!
- لەبەر گوێچکەی ترسی دوژمن، هەلهەلەی خوێن، وەک ناپاڵم، وەک T. N . T ئەتەقێتن.
- لە ئامێزی کەژاوەی فرمێسک و خوێنا، مەندەلی بووک، کەزیی خەمی دەهۆنییەوە.

**تەوەری دووەم:**

- **ئاستی ئەدەبی تێکستەکە:** لایەنەکانی جوانکاری دەق/
- خوازە و میتافۆر، بەکارهێنانی وشەیەک بە واتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی، بە مەرجێک دەلیلێک هەبێت کە نەهێڵێت مانا حەقیقییەکەی ببەخشێت، هەروەها پەیوەندی لێکچوون لەنێوان هەردوولادا هەبێت (بەرزنجی، ٢٠٢٤، ٤٨١).
- چوار بووکی + خوێناوی

چوار بووک: میتافۆر و خوازەیە بۆ چوار شاری کوردستان (کەرکووک، خانەقین، شنگال، مەندەلی)

خوێناوی: ئەو پەیوەستەیە کە ناهێڵێت بووک بۆ مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکارببرێت.

لێکچوونیش لە خۆشەویستی و تایبەتمەندێتیدا لەنێوان بووک و هەر کام لەم شارانەدا هەیە. وێنەکە لەسەر بنەمای (بووک/دیارخراو + خوێناوی/ دیارخەر) دامەزراوە.

- هەنگاو هەنگاوی ڕاو دەنا

(هەنگاو) لەگەڵ (پێشمەرگە) لە پەیوەندییەکی خوازەیی پەیوەستی و پەیوەستراوی (لازمییەت و مەلزوومییەت)دان، (هەنگاو) پەیوەستراوی (پێشمەرگە)یە و لەبری ئەو هاتووە، بۆ بەرەوپێشچوون مکووڕبوون لەسەر سەنگەربەندی و تێکۆشان.

- دڵی زاوا ڕێبوارێکی برینداربوو

(زاوا / ڕێبوار) + بریندار، ئەمیش هەر میتافۆری پێشمەرگەیە، لەگەڵ (بریندار)یشدا لە پەیوەندییەکی دیارخراوی و دیارخەریدان.

- گوللە دەرسی بۆ پەلاسووی گڕ دادەدا

گوللە، خوازەیە بۆ مامۆستا و فێرکار، لەگەڵ دەرس دادان و تەمێکردندا لە پەیوەندییەکی پەیوەست و پەیوەستراوی دان. گوللە خۆیشی، خوازەیە بۆ پێشمەرگە و تفەنگی خەبات، پەیوەندی بەشە بۆ گشت.

**چواندن:**

- تاڤگەی ژیلەمۆ: لە دوو بنەڕەتی لێچوو و لەوچوو پێکهاتووە، ڕووی چواندنەکە خوڕ و تەوژمە، جۆری چواندنەکە (ڕەوان)ە.
- سینگی زاوا فێرگەیی بوو: دوو بنەڕەت، ڕووی چواندنەکە دەرس دادانە، جۆرەکەی (ڕەوان)ە.
- پەلاسووی گڕ
- بابەگوڕگوڕی زێڕین
- قەوانی مێژوو: لێکچواندنی ئاوەژووە، مێژوو هەمیشە وەک قەوان دووبارە دەکرێتەوە.

- هەلهەلەی خوێن، وەک ناپاڵم، وەک T. N . T

لێچوو: هەلهەلەی خوێن

ئەوزار: وەک ، وەک

لەوچوو: ناپاڵم، T . N . T

ڕووی لێکچواندن: تەقینەوە

- من مەمێکم ← من لە وێنەی مەمم

لە دوو بنەڕەت هاتووە.

- فەرهادێکم ← من فەرهادم: لە دوو بنەڕەت هاتووە.

دەشێ (مەم) و (فەرهاد)یش خوازە بن بۆ مرۆڤی عاشق. پێشمەرگە مەم و فەرهادی کوردستانە.

**هێماکاری:**

- بە هۆی بۆمبابارانی شاری قەڵادزێ لە ڕێککەوتی ١٩٧٤/٤/٢٤، لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمەوە، ژمارەیەکی زۆر، کە تا ئەو ڕۆژە بێ ئەندازە بووە، لە خەلکی سڤیل و بێ تاوان، شەهید و بریندار‌بوون، ئیتر لەو ڕۆژەوە قەڵادزێ بوو بە (قەڵادزێی شەهید)، واتە بوو بە سیمبوڵ و ڕەمزێک بۆ شەهیدبوون و قوربانیدان، وەک لە بەندی سێیەمی تێکستەکەدا هاتووە:

- لە قەڵادزێی شەهیدا

لە باوەشی شەهیدێکی جوانەمەرگا

کاسە سەرێک شیرینی شنگاری بووکی دەبەشییەوە.

- وەکو ڕەمز و سیمبولێکی بارکراو، ئەو چوار شارەی کوردستان / کەرکووک، شنگال، خانەقین، مەندەلی، بوون بە هێمای نیشتیمانپەروەریی لە کوردستانی باشووردا. بە هۆی ئەو کێشمەکێش و ململانێیەی لەسەر پێناسەی کورستانیبوونیان لە ئارادایە.

**تێهەڵکێش و دەقئاوێزان:**

لە کۆتایی بەندەکانی یەکەم و دووەم و چوارەمدا، کۆپلەیەک لە شیعری گۆرانی فۆلکلۆری باوی تایبەت بەو شار و دەڤەرە هاتووە. کە هەر یەکێکیان بووە بە خەتم و دەسکەگوڵ و بەندە شیعرییەکەی پچ تەواوکراوە. ئەمە وا دەگەیەنێت کە شاعیر تەوا شارەزای بەند و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ئەم دەڤەرانەشە کە بەشێکی ڕەسەنن لە نیشتیمانی کورد. بۆیە هونەرمەندانە سوودی لەو کۆپلە گۆرانییانە وەرگرتووە و بیر و هەستی خوێنەری کوردی تامەزۆریشی پێ زاخداوەتەوە (مەعروف، ٢٠٠٥، ٧). کە بوویشن بە سەرچاوەی سازکردنی وێنە و دیمەنی جوان و شیرین و بەسۆز لە تێکستەکەدا.

- سوودوەرگرتن لە ڕەمزی داستانی: ئەفسانە و داستان وەکو دوو کێڵگەی هونەری ڕەمزی، لە شیعری هاوچەرخدا، بە تایبەتیش لەلای ڕوانگەییەکان بە فراوانی ئاوڕی لێ دراوەتەوە. جا چ ئەفسانە و داستانی جیهانی بن لە وێنەی سیزیف، گلگامێش، خاچ، ... ) یان داستانی خۆماڵی بن لە وێنەی (مەم و زین، دمدم، فەرهاد و شیرین، ...). لەم تێکستەدا قوبادی جەلیزادە لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە دوو داستانی عاشقانەی کوردەواری پەنا بۆ ئەم جۆرە لە کەرەستە و ڕەمز و ڕازە دەبات.
- مەمی تفەنگ

لەسەر سینگی قەوانی مێژووی نەبەزین

بەستەی گڕی تۆماردەکرد بۆ خاتووزین!

- ((من مەمێکم

ماچی زینم لێ ون بووە

فەرهادێکم

قوڵنگی یادی شیرینم لێ ون بووە))

هەردوو قارەمان (فەرهاد و مەم) دوو قارەمانی داستانین و لەناو کورددا هێمای عەشق و ئەڤینی ئەبەدین، بۆیە شاعیر خۆی لە بۆتەی ئەواندا بەرجەستە دەکات. هەرچەندە

گومانیشمان بۆ ئەوە دەچێت ئەم بڕگەیە لە شێوەی دەقئاوێزان لە تێکستی شیعرێکی ناوداری (ئەنوەر قادر جاف) بە ناوی (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)ەوە هەڵهێنجرابێت. لەم جۆرە لە تەکنیکی شیعریدا شاعیر خۆی لە ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆی مەبەست دەبوێرێت و پەنا بۆ جۆرێک لە ڕەمز و ڕاز دەبات، تا ئەوەی خوێنەر و وەرگری دەق دوابەدوای ئیست و ڕامانێکی کورت بیری لەلای دەلالەتی ڕاستەقینەی چیرۆکەکە دەگیرسێتەوە (یاحقی، ١٣٩١، شش).

**تەوەری سێیەم: ئاستی هزری دەق**

لە پێشدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کەوا ئەم تێکستە لە ڕوانگەی بیری وڵاتپارێزی (نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیی) هۆنراوەتەوە، ئەو چەمک و بیرۆکانەی لەلای خوێنەر بەرجەستە دەبێت بریتین لە مەسەلەی شۆڕش و خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان لە پێناوی ژیان و ئازادی گەل و ڕزگاری نیشتیمان، بە تایبەت هەندێ شار و شوێنی وڵات کە کەوتووەتە بەر هێرشی گۆڕینی دیمۆگرافی و گۆڕینی ناسنامەی نیشتیمانی. بۆیە کورد پەنای بۆ شێوەیەکی خەباتی سەخت و خوێناوی بردووە لە نموونەی شۆڕش و خەباتی چەکدارانە. هەر بەندێکی تێکستەکە تایبەتکراوە بە شار و شوێنێکی دیاریکراوی نیشتیمان.
شاعیر لە ڕێگەی ئەم تێکستەوە پابەندبوونی خۆی بەو چەمک و بیرۆکانەی پارێزبەندیی گەل و وڵات دەخاتەڕوو کە هەست و هۆشی میللەتەکەیشی هاوەلایانەوە.

**کەم و کورتی لە تێکستەکەدا:**

- کەلێنێک لە بەندی سێیەمی تێکستەکەدا درکی پێ دەکرێت، ئەویش نەهاتنی بەندی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەیە لە کۆتاییدا، هاوشێوەی بەندەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەی خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە بەندەکە زەمینەی بۆ خۆشکراوە، بەوەی کە لە دوو دێری کۆتایی بەندەکەدا بەدیدەکرێت:

  دەنگی شەهید لاوکێک بوو
  هەتا دڵ حەزبکا بە کوڵ بوو!
  ..............................
  ..............................

  ئا لێرەدا خوێنەر لە چاوەڕوانی ئەوەدا دەبێت، کۆپڵەیەک لە لاوکێکی کوردی دێرین، لە وێنەی (لاوکی گەنج خەلیل، یاخود دەرویشی عەبدی، ...) بێت و قوفلی بەندەکە تەواوبکات، بەڵام مخابن ئەو شتە بەدی نەهاتووە!.

## ئەنجامەکان

١. ئەزموون و فەزای شیعریی قوبادی جەلیزادە مۆتیفگەلێکی وەکو؛ ئافرەت و جوانی و ئیرۆتیک داگیریکردووە. بەڵام لە ڕۆژگارێکی زوودا تەبای شاعیرانی سەردەمەکەی کەمەندگیری بیری سیاسی (نەتەوەیی و نیشتیمانی) بووە.

٢. ئەم تێکستە هەر بە دەستنووسی و گومناوی ماوەتەوە، بۆیە هەم ناوازە و تاقانەیە لە ئەزموونی شیعریی ناوبراودا، هەمیش شانسی بڵاوبوونەوەی بۆ نەڕەخساوە لە دیوان و کۆشیعرەکانی شاعیردا.

٣. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئەزموونێکی سەرەتایی خاوەنەکەی حیسابی بۆ دەکرێت، بەڵام لە چەند ڕوانگەیەکی وەکو؛ شێوازناسی، هونەری ئەدەبی و هزرییەوە لە داهێنان بێ بەش نییە.

٤. لەم باسەدا لە چەند تەوەر لایەنەکانی جوانکاری ئەدەبی و هونەری تێکستەکە خراوەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

## سەرچاوەکان


- بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر، د. عەلی تاهیر بەرزنجی، ٢٠٢٤، کلیلدان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- سعدالله، محمد السالم، ٢٠٠٧، مملكة النص، عالم الكتب الحديث، الاردن.
- شميسا، دكتر سيروس، ١٣٨٤، كليات سبكشناسى، نشر ميترا، تهران.
- صفوی، کورش، ٢٠١٨، لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، وەرگێڕانی عوسمان دەشتی، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە، ٢٠١٨/١٧.
- گەردی، عەزیز، ٢٠١٤، کێشناسی کوردی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- المصري، محمد عبدالغني، ٢٠٠٢، تحليل النص الادبي، الوراق للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
- مەعروف، ئەڤین عەبدولقادر، ٢٠٠٥، برایم ئەحمەد – دەنگێکی زوڵاڵی شیعری نوێی کوردییە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- یاحقی، محمد جعفر (د)، ١٣٨٦، فرهنگ اساطير داستان وارەها، فرهنگ معاصر، تهران.


---

* ئەم دەقە شیعرییەی قوبادی جەلیزادە، لە دەفتەرچەیەکی بیرەوەرییەکانی بەندە، تایبەت بە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی شۆڕشی کوردستان، ساڵانی (١٩٧٤ – ١٩٧٥)دا تۆمارکراوە. تێکستەکە بە قەڵەمی دۆستێکی ئازیزمان، کە هەم خزم و هاوشاریی کاک قوباد وهەم دۆست و هاوڕێیەکی دێرینی بەندەیە، لە دەفتەرچەکەدا بە قەڵەمی جاف نووسراوەتەوە.

* * ئەم مێژووە، ڕێککەوتی نووسینە و تۆمارکردنی شیعرەکەیە لە دەفتەرچەکەدا، دیارە دەقەکە لە ڕێککەوتێکی زووتردا نووسراوە.